## له په‌راوێزی وتاری (هه‌تیووبازی له کوردستاندا)

عامر سابیر
asabir79@hotmail.com

ده‌ستی تامان شاکر خۆش بێت، له 4/23/ 2005 دا له ماڵپه‌ڕی ده‌نگه‌کاندا وتارێکی جوانی له‌سه‌ر دیارده‌ی (هێرشی سێکسی بۆ سه‌ر منداڵانی کوڕ) ی نوسیبوو ، که تیایدا به‌سه‌رهاتی جه‌رگ بڕی دوو قوربانی ئه‌و دیارده نا ئینسانیه‌ی له کوردستاندا باسکردبوو.

به‌کارهێنانی زاراوه‌ی (هه‌تیووبازی) بۆ ئه‌و دیارده دڕندانه‌یه، خۆی له خۆیدا تاوانێکی تره به‌رامبه‌ر به قوربانیانی ئه‌و تاوانه ئه‌نجام ئه‌درێت، (هه‌تیوو) به منداڵێکی بێ باوك ده‌وترێت، (هه‌تیوو) یه‌کێکه له پیسترین و پڕ ته‌وهینترین جوێنه‌کانی زمانی کوردی. منداڵێك (هه‌موو که‌سێکی ژێر 16 ساڵ منداڵه) که به زۆر (ئه‌گه‌ر به ڕه‌زامه‌ندی منداڵه‌که خۆشی بێت هیچ له دڕنده‌یی تاوانه‌که که‌م ناکاته‌وه وه سزاکه‌شی جیاوازی نیه له‌و وولاَتانه‌ی که مافی منداڵانی تیا پارێزراوه) ئیغتیساب ده‌کرێت سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش پێی بووترێت هه‌تیوو، وه به‌و ئینسانه دڕنده‌یه‌ی که ئه‌و تاوانه‌ی ئه‌نجام داوه بووترێت هه‌تیووباز ئه‌مه بۆ خۆی به سوك سه‌یرکردنی تاوان لێکراوه، وه ستایش کردنی تاوانباره.

زوو زوو له دادگاکانی وولاَتانی ڕۆژئاوادا گوێبیستی ئه‌وه‌ین که فلان ( قه‌شه‌ی کلێسا ، مامۆستای فێرکه‌ری مه‌له ، ڕاهێنه‌ری یاری وه‌رزشی ، ئه‌ندام په‌رله‌مان یان وه‌زیری ده‌وڵه‌ت ، مامۆستای قوتابخانه و زانکۆ وه یان فلان ئه‌کته‌ر و گۆرانی بێژی به‌ناوبانگ.....هتد ) ڕاکێشراونه‌ته به‌ر دادگا و سزای ئه‌و تاوانانه‌یان وه‌رده‌گرن که به‌رامبه‌ر به منداڵان کردویانه. زۆر له تاوان باران له ته‌مه‌نێکی زووی ژیانیاندا ئه‌و تاوانانه‌یان ئه‌نجام داوه‌و ئێستاش ڕۆژه‌کانی دوا ته‌مه‌نی ژیانیان له زیندان به‌سه‌ر ده‌به‌ن.

هه‌ر دوو هێزا ( ن ح ) و ( ش ج ) نه‌ك هه‌ر نابێت بهێڵن ئه‌و تاوانبارانه‌ی ژیانی ئه‌وانی بۆ هه‌تا هه‌تایه ناهه‌موار کردوه، هه‌ر به که‌سایه‌تی سه‌نگینی کۆمه‌ڵگا خۆیان بناسێنن به‌ڵکو ئه‌بێت هه‌موو به‌ره‌ی ئازادیخوازی کۆمه‌ڵگای کوردستان له‌پشت سه‌ری خۆیان ببینن بۆ ناساندن و ڕیسوا کردن و دادگایی کردنی ئه‌و ئینسانه ده‌رون نه‌خۆش و دڕندانه.

ئه‌و دوو هێزایه باشترین که‌سانێکن که خۆیان له لوتکوی ڕێکخراوێکدا ببینن که به‌رگری له هێرشی جنسی بۆ سه‌ر منداڵانی کوردستان بکات.

له به‌رنامه‌ی دوو حیزبه ده‌سه‌ڵاتداره ناسیۆنالیسته دواکه‌وتوکه‌ی کوردستاندا ته‌نانه‌ت ته‌نها بۆ یه‌ك جاریش وشه‌ی منداڵ و باسی مافه‌کانی منداڵ نه‌کراوه، وه له نزیك به 14 ساڵی ڕابردووی ده‌سه‌ڵاتی داسه‌پێنراویاندا به سه‌ر خه‌ڵکی کوردستاندا که‌مترین ئاوڕیان له منداڵان و گرفته‌کانیان داوه‌ته‌وه، بۆیه پێشبینی ئه‌وه‌یان لێ ناکرێت که به‌رگری له مافه‌کانی منداڵان بکه‌ن وه له نێویاندا هێرشی سێکسی بۆ سه‌ر منداڵان به‌ر پێ بگرن. وه ئه‌و ڕێکخراوانه‌ی مافی مرۆڤ له کوردستاندا که سه‌ر به دوو زلحیزبه‌که‌ن، له چه‌ندین ساڵی ڕابردوودا که‌مترین نوزه‌یان لێوه هاتووه له به‌رامبه‌ر پێشێلکارێکانی مافی مرۆڤ له کوردستاندا به‌ڵکو به پێچه‌وانه‌وه له زۆربه‌ی کاتدا وه‌کو به‌شێك له ده‌زگاکانی زانیاری و پاراستن ڕه‌فتاریان کردووه.

بۆیه له هه‌نگاوی یه‌که‌مدا کۆکردنه‌وه و بلاَوکردنه‌وه‌ی به‌سه‌رهاتی هه‌موو قوربانیانی ئه‌م دیارده‌یه له دووتوویێی کتێبی گه‌وره‌دا زۆر پێویسته بۆ تێکشکاندنی ئه‌و دیواره به‌هێزه شومه‌ی له کۆمه‌ڵگه‌ی کوردستاندا مه‌وجوده که ئینسانه تاوانبارو ده‌روون نه‌خۆشه‌کان خۆیان له پاڵدا حه‌شارداوه ، قوربانیانی ئه‌م دیارده‌یه به هاوکاری ئازادیخوازان و به‌رگریکه‌رانی مافه‌کانی منداڵان له کوردستان پێویسته ئه‌م دیواره بڕوخێنن و زۆر ده‌مێکه کاتی ئه‌وه هاتووه که قوربانیان له کوردستانیش وه‌کو سه‌رجه‌م کۆمه‌ڵگاکانی تری دنیا بێنه قسه‌و تاوانباران سزا بدرێن.

2005/05/09

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com